بانگکارێک بانگ دەکات: هەتاهەتایە لەش ساغ دەبن وهەرگیز نەخۆش نابن، وهەتاهەتایە دەژین وهەرگیز نامرن، وهەتاهەتایە گەنج دەبن وهەرگیز پیر نابن

لە ئەبی سەعیدی خودری وئەبی هوڕەیڕەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «بانگکارێک بانگ دەکات: هەتاهەتایە لەش ساغ دەبن وهەرگیز نەخۆش نابن، وهەتاهەتایە دەژین وهەرگیز نامرن، وهەتاهەتایە گەنج دەبن وهەرگیز پیر نابن، هەتاهەتایە ئاسوودە دەبن وهەرگیز ناڕەحەت نابن» ئاماژە بۆی -ئەم ئایەتە- کە خوای گەورە -عز وجل- دەفەرموێت: ﴿وَنُودُوا أَنْ تِلْكُمُ الْجَنَّةُ أُورِثْتُمُوهَا بِمَا كُنْتُمْ تَعْمَلُونَ﴾ [الأعراف: 43] واتە: ﴿وە بانگیان لێ ئەکرێ ئا ئەمە ئەو بەهەشتەیە کە ئێوە بوون بە میراتگری و تیایدا ئەمێننەوە بەهۆی ئەو کردەوە چاکانەی کە خۆتان کردووتانە﴾.

[سەحیح - ڕاست)] [(مسلم) ڕیوایەتی کردووە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- باسی ئەوەمان بۆ دەکات کە خەڵکی بەهەشت کاتێك لە نێو نیعمەتەکانی بەهەشتدا چێژ وەردەگرن؛ بانگکارێك بانگیان دەکات ودەڵێت: هەمیشە لەش ساغ دەبن وهەرگیز تووشی کەمترین نەخۆشیش نابن لە بەهەشتدا، وبە زیندوویی تێیدا دەمێننەوە وهەرگیز نامرن ئەگەرچیش مردنەکە خەوتن بێت کە مردنی بچووکە، وهەردەم گەنجن وهەرگیز پیر نابن، وبەردەوام لەنێو نیعمەتدان بۆیە هەرگیز خەفەتبار وناڕەحەت نابن، ئاماژە بۆی ئەم ئایەتەیە کە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَنُودُوا أَنْ تِلْكُمُ الْجَنَّةُ أُورِثْتُمُوهَا بِمَا كُنْتُمْ تَعْمَلُونَ﴾ [الأعراف: 43] واتە: ﴿وە بانگیان لێ ئەکرێ ئا ئەمە ئەو بەهەشتەیە کە ئێوە بوون بە میراتگری و تیایدا ئەمێننەوە بەهۆی ئەو کردەوە چاکانەی کە خۆتان کردووتانە﴾.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/8341